**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆک**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و دوای ئەوەی ، لەبەر ڕۆشنایی بڕیارمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ لە ٢٠١٣/١/٢٠، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١) لە ٢٠١٣/٣/١٨ پێداچوونەوەی کرد بۆ یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق کە لە دانیشتنی ژمارە (٣٥)ی لە ٢٠١٢/١٢/٢٦ لە ژێر ژمارە(١٨)ی ساڵی٢٠١٢تەشریعی کردبوو،بڕیارماندا بە دەرکردنی

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠١٣**

**یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە ، ماناکانی بەرامبەریانە :

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم:** وەزارەت: وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم.

**چوارەم:** وەزیر: وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم.

**پێنجەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم.

**شەشەم:** زانکۆ: هەر زانکۆییەکی تایبەت کەوا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دامەزرابێت و کۆلێژو پەیمانگەی باڵاو سەنتەری توێژینەوە لەخۆ دەگرێت.

**حەوتەم:** دەستە: دەستەی ئەمیندارانی زانکۆ تایبەتەکان.

## بەشی دووەم
## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایەو بەگوێرەی پێویستی بازاڕی کارو بەگونجان لەگەڵ سیاسەتی خوێندنی بالا لە هەرێمدا، زانکۆ لە هەرێمدا دادەمەزرێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

**یەکەم:** دابینکردنی پێداویستیە پەرەسەندووەکانی کۆمەڵگەو ڕەخساندنی دەرفەتە فێرکارییەکان بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئاستی زانستیان بەرزبکەنەوە.

**دووەم:** بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی.

**سێیەم:** دابینکردنی پسپۆڕیە زانستیە نوێیەکان بۆ ئامادەکردنی پسپۆڕو تەکنیککارو شارەزا لە گشت بوارەکاندا.

**چوارەم:** بەجێگەیاندنی خزمەتە توێژینەوەسازییەکان.

**پێنجەم:** خزمەتکردنی ئامانجە نیشتیمانییەکانی گەلی کوردستان بەپێی پرنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دور لە ململانێیە تیرەیی و ڕەگەزی و نەژادییەکان.

**ماددەی چوارەم:**

زانکۆ کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری و ئەکادیمی هەیەو بۆ هێنانەئارای ئامانجەکانی خاوەن لێهاتەیی یاساییەو لە دامەزراوەکانی خاوەن سوودی گشتی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** داواکاری دامەزراندنی زانکۆ لە لایەن دەستەیەکی دامەزرێنەری خاوەن شارەزایی زانکۆیی، کە نابێت لە دە ساڵ کەمتر بێت و نابێت ژمارەیان لە پێنج کەس کەمتر بێت، پێشکەشی وەزارەت دەکرێت ، لەگەڵ راپۆرتێك تیایدا داواکارانی دامەزراندن بەڵێن دەدەن بەدابینکردنی پێداویستیە ماددی و مرۆیی و زانستیەکان، بە باڵەخانەو کتێبخانەو تاقیگەو پێداویستیەکانی تریشەوەو ئامادەکردنی پێڕەوێکی ناوخۆ، کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت.

١- ناوی زانکۆو ئامانجەکانی و بارەگاکەی.

٢- لیستێك بە ناوی دەستەی ئەمیندارانی زانکۆ لەگەڵ سیڤی کەسایەتی و زانستی و توانستەکانیان.

٣- داهاتە داراییەکانی زانکۆ.
٤- کۆلێژو بەش یان لقە زانستیەکان لەگەڵ دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەی هەر بەشێکی زانستی و توانستەکان و شارەزایی وخزمەتەکانیان.
٥- پەیکەری ڕێکخستنەکی زانکۆ.
٦- هەر کاروبارێکی تر کەوا کاری زانکۆ ڕێکدەخات .

**دووەم:** داواکارییەکە ڕەوانەی دەزگای سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی جۆریی لە وەزارەت دەکرێت بەپێی ستاندەرەکانی دڵنیایی جۆریی و کوالیتیە متمانەپێکراوەکان.

**سێیەم:** داواکارانی دامەزراندن، لە ماوەیەك لە شەش مانگ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی بڕیاری وەزارەت بە بەخشینی مۆڵەتی دامەزراندن، زیاتر نەبێت، پابەنددەبن بە دابینکردنی گشت ئەو مەرج و پێداویستیانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، بە پێچەوانەی ئەمەش مۆڵەتی دامەزراندنەکە بە هەڵوەشاوەیی هەژمار دەکرێت و وەزارەت پێڕاگەیاندنی داواکارانی دامەزراندنەکە بەم هەڵوەشانەوەیە، لە ئەستۆ دەگرێت .

**چوارەم:**
١- وەزارەت لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزارەت و لە دوای پەسەندکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆ دەبەخشێت .
٢- زانکۆ ڕەسەن و متمانەپێکراوو دانپێنراوەکان بۆیان هەیە لقی بۆخیان دامەزرێنن بەمەرجێك بە مەرجەکانی مۆڵەتدان و ستاندەرەکانی متمانەپێکردنی گشتی وتایبەتی کارپێکراو لە هەرێمدا ، پابەند بن .
٣- وەزارەت بڕیاری بەخشینی مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆ یان لقی زانکۆیەکی متمانەپێکراو لە ماوەیەك کە لە نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی داواکارییەکە لە لای وەزارەت تێپەرنەکات ، دەردەکات ، و بە پێچەوانەی ئەمەش داواکارییەکە بە پەسەندکراو هەژمار دەکرێت .
٤- داواکارانی دامەزراندن بۆیان هەیە ناڕەزایی دەربڕن لەسەر بڕیاری ڕەتکردنەوە لە لای ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنیان بە بڕیاری ڕەتکردنەوەکە، وە پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی ناڕەزاییەکە، بڕیاری لە سەر بدات .

**پێنجەم**: داواکارانی دامەزراندن پابەند دەبەن بە دەستپێکردنی دامەزراندنی باڵەخانەو تاقیگەو کتێبخانەو یانەی قوتابیان و هۆڵەکانی وەرزش و پێداویستیە ماددیەکانی تر لە سەر زەوی تەرخان کراو بۆ پرۆژەی زانکۆ تایبەتیەکە بەپێی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێمدا لە ماوەیەك کە لە شەش مانگ لە رێکەوتی تەرخانکردنەکە تێپەڕنەکات، هەروەها پابەند بوون بە تەواوکردنی قۆناغ بەقۆناغی ئەو بەپێی پلان و پێداویستیانەی زانکۆ کە لە لایەن وەزارەتەوە لەبەر رۆشنایی دیزایینی تەواوی گشت یەکە بیناکاریەکان پەسەندکراوە، لە ماوەیەك کە لە پێنج ساڵ تێپەر نەکات، و ئەمانەی خوارەوە مەرجن لە باڵەخانەکانی زانکۆ:

١- پێویستە سەربەخۆ بێت و نەبەسترابێتەوە بە مەبەستی نیشتەجێبوون یان ئابوری یان خوێندنی نازانکۆیی یان هەر مەبەستێکی تر کە بۆ خوێندی زانکۆیی نەبێت.

٢- پێویستە لە سەر ڕووبەرێك بینابکرێت کە بگونجێت:

أ- لەگەڵ ژمارەی ئەو زانکۆو بەشانەی مەبەستن دابمەزرێن و پێداویستیەکانیان لەڕووی هۆڵەکانی وانەگوتنەوەو ژمارەی ساڵەکانی خوێندن.

ب- لەگەڵ جۆری پسپۆڕیە تیۆری وپراکتیکیەکانی مەبەستن بخوێندرێن.

ج- لەگەڵ ژمارەی ئەو قوتابیانەی ئەگەر هەیە وەربگیرێن بەپێی ئەو پلانەی لە لایەن وەزارەتەوە پەسەندکراوە .

د- ئەندازەکەی بگونجێت لەگەڵ ئەو پرۆگرامە خوێندنانەی کەوا مەبەستن پەیڕەو بکرێن و لەگەڵ تایبەتمەندییە ژینگەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو دەوروبەری تیایدا دادەمەزرێت.

هـ- پێویستە هۆڵی چالاکی رۆشنبیری و حەوانەوەو توالێتی تایبەت و ڕووبەریی سەوزایی و وەرزشی و پارکی ئۆتۆمبێل و بنکەی تەندروستی پێوە بلکێنرێت بە جۆرێك کەوا لەگەڵ قەبارەی زانکۆو ڕەچاوکردنی پێداویستیەکانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان دابەش بکرێن.

**شەشەم**: ناکرێت کۆلێژ یان بەشی نوێ بە مەبەستی فراوانبوون بکرێنەوەو ڕاگەیاندن و دەست بە وەرگرتن و خوێندن تیایاندا بکرێت تەنها پاش دابینکردنی گشت پێداویستیەکان و بەپشتگیری کردنی دڵنیایی جۆری و لەنێوانیشیاندا:

١- تاقیگەو دەزگا پێویستەکان بەگوێرەی ئەو پسپۆڕیانەی مەبەستن بخوێندرێن لەگەڵ دیاریکردنی توانای لەخۆگرتنی هەر یەکێکیان لەگەڵ کۆی ژمارەی قوتابیان.

٢- کتێبخانەیەکی تایبەتمەند لە هەر کۆلێژێك و کتێبخانەیەکی گشتی ناوەندیی زانکۆیی.
٣- مەرجە لە کاتی کردنەوەی کۆلێژەکانی کۆمەڵە پزیشکیەکان کە کورتکراونەتەوە سەر پزیشکیی ددان و دەرمانسازیی و پەرستیاریی ڕەچاوی ستاندەرە جیهانیەکان بکرێت و کارمەند وپێداویستیە پێویستەکانی دابین بکرێن .

**ماددەی شەشەم:**

زمانی خوێندن لە زانکۆدا زمانی ئینگلیزیە یان هەر زمانێکی جیهانیی تر لەگەڵ ڕەچاوکردنی پسپۆڕیە مرۆیەکان کە لە لایەن وەزارەتەوە دیاری دەکرێت کە بەو زمانە فەرمیانە دەبێت کە لە دەستور دەقیان لەسەر کراوە.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە زانکۆ بەمانەی خوارەوە پابەند ببێت :

**یەکەم:** پێویستە پێڕەوێکی تایبەت بە مامۆستا خۆتەرخانکار و گرێبەستکارەکان دابنێت، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو گەرەنتیانەی پێویستە بۆیان دابین بکرێت و مەرجەکانی دامەزراندنیان و کۆتایی پێهێنانی خزمەتکردنیان.

**دووەم:** ڕەچاوکردنی ڕێژەی مامۆستایان بەنیسبەت قوتابیان و بەگوێرەی ستاندەرە جیهانیەکانی هەر پسپۆڕییێك.

**سێیەم:** هەردوو بڕگە (یەکەم) و(دووەم)ی ئەم ماددەیە ملکەچی پەسەندکردنی دڵنیایی جۆری لە وەزارەت دەبن.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** پێویستە لە سەر ئەوەی دەیەوێت پێشکەشی خوێندن بکات لە زانکۆ تایبەتیەکان هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی یان پیشەیی یان پەیمانگە بێت بەگوێرەی پسپۆڕی بەمەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگە یان ئامادەیی پیشەیی تەنها کورتبکرێتەوە سەر ئەو کۆلێژانەی خوێندن تیایاندا هاوتای پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگە یان ئامادەییە پیشەییەکە بەگوێرەی ئەو ڕێنمایانەی وەزارەت دەریان دەکات .

**دووەم:** خوێندن لە زانکۆ، لە ڕووی دەوام و تاقیکردنەوە ، بە کردارەکیی دەبێت و بە ئەندامبوون لە دوورەوە یان بە کراوەیی نابێت.

**سێیەم:** ماوەی خوێندن لە کۆلێژەکان، بەلای کەم ، (٤) چوار ساڵە ، و دەرچوو لێیان بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی (بەکالۆریۆس) لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماوەی خوێندن لە پسپۆڕییە پزیشکی و ئەندازەییەکان.

**چوارەم:** ماوەی خوێندن لە پەیمانگە تایبەتیەکان دوو ساڵەو دەرچوو لێیان بڕوانامەی دبلۆمی لە پسپۆڕیەکەی پێ دەبخشرێت.

**پێنجەم:** کردنەوەی خوێندنی باڵا لە زانکۆ تایبەتیەکان دەبەسترێتەوە بە ڕەزامەندی وەزارەت بەپێی ستاندەرەکانی دڵنیایی جۆریی و ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا لە دوای پێشکەشکردنی داواکاری لە لایەن زانکۆکانەوە بە مەرجێك لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە خولە دەرچووەکان لە دوو خول کەمتر نەبن.

**شەشەم:** دەکرێت بۆ زانکۆی تایبەتی دەست بە خوێندنی باڵا بکات لە حاڵەتی گرتنەخۆی یەکێك لە زانکۆ بیانییە دانپێنراوەکانی جیهان بە گرتنەخۆکردنی جۆری خوێندن و بەخشینی بڕوانامە لە لایەن ئەم زانکۆیانە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی زانستی و ئەکادیمی بە شێوازی هاوبەشی زانستی نێوان هەردوو زانکۆکە .

## بەشی سێیەم
## سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری

**ماددەی نۆیەم:**

دەزگای سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆریی لە وەزارەت هەڵسەنگاندنی کاری زانکۆ تایبەتیەکان بەپێی یاساو پێڕەوو ڕێنماییە ڕەچاوکراوەکان ، لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی دەیەم:**

زانکۆ پابەند دەبێت بە ناردنی گشت ئەو پێداویستیانەی توانستی پێدەدات کەوا ئەرکەکانی بەجێبگەینێت بۆ وەزارەت، بە تایبەتیش ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** پلانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پەسوندکردنی .

**دووەم:** ئەو کرێی خوێندنەی لە قوتابی وەردەگیرێت.

**سێیەم:** پرۆگرامەکانی خوێندن و هەموارکارییەکانی و بەدواداچوونی جێبەجێ کردن و هەڵسەنگاندنیان.

**چوارەم:** ڕێژەو ستاندەرەکانی دەرچوون و کەوتن و چوونەناو بە هاوپێچی سیستەمی تاقیکردنەوەکان.

## بەشی چوارەم
## پێکهاتەکانی زانکۆ
## لقی یەکەم
## دەستەی ئەمیندارەکان

**ماددەی یازدەم:**

**یەکەم:** هەر زانکۆیەك دەستەکی دەبێت بەناوی (دەستەی ئەمینداران) لە (٧-١١) ئەندام پێکدێت بە مەرجێك، بەلای کەم، یەك لە سەر سێیان هەڵگری دکتۆرا بن، و دوو لە سەر سێیەکی تر خاوەن شارەزایی بن. و ماوەی ئەندامێتی چوار ساڵەو دەستە بە بەرزترین دەسەڵاتی بەرپرس لە دانانی سیاسەتی گشتی زانکۆ هەژمار دەکرێت و دەستە بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:

١- سێ ئەندام لە خاوەندار یان پشکدارەکان ئەندام .

٢- سەرۆکی زانکۆ ئەندام .

٣- ئەندامەکانی تر لە کەسانی ناخاوەن یان ناپشکدارو ئەوانەی لە زانکۆ کارناکەن کەوا خاوەن تەنسیبیان دەکات .

**دووەم:** سەرۆکی دەستە لە نێوان ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرێت.

**سێیەم:** ناکرێت هەردوو ئەندامێتی دەستەی ئەمیندارەکان و ئەندامێتی ئەنجومەنی زانکۆ کۆبکرێنەوە جگە لە سەرۆکی زانکۆ کە ئەندامە لە دەستە.

**ماددەی دوازدەم:**

دەستەی ئەمیندارەکان ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات:

**یەکەم:** دانانی سیاسەتی گشتی زانکۆ لەبەر رۆشنایی سیاسەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمدا.

**دووەم:** ووردبینی کردن و بڕیاردانی راسپاردەو بڕیارەکانی ئەنجومەنی زانکۆ.

**سێیەم:** دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆ یان راگری کۆلێژ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**چوارەم:** بەڕێوەبردنی سامانەکانی زانکۆو وەبەرهێنانی و ڕەفتارپێکردنی بەگوێرەی ئامانجە زانستیەکانی زانکۆ .

**پێنجەم:** پەسەندکردنی پلانی دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن.

**شەشەم:** پێشنیازکردنی کرێی خوێندن و خستنەبەردەمی وەزارەت بە مەبەستی بڕیاردانی.

**حەوتەم:** ڕەزامەندی دەربڕین لە درێژكردنەوەی ماوەی خزمەتی سەرۆكی زانكۆ یان كاندیدكردنی كەسێكی تری لە شوێنی یان لێبوردنی لە كارەكەی.

**هەشتەم:** دامەزراندنی یاریدەدەرەكانی سەرۆكی زانكۆو راگری كۆلێژەكان و سەرۆكی بەشە زانستیەكان.

**نۆیەم:** راسپاردەكردنی هێنانە ئارای كۆلێژو بەشی زانستی و لێكدان یان هەڵوەشاندنەوەیان بەپێی ستاندەرەكانی كوالیتی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەت.

**دەیەم:** پەسەندكردنی بودجەی ساڵانەو ژمێرە كۆتاییەكان.

**یازدەم:** وەرگرتنی بەخشین و بەخشش و باربوو بە ڕەزامەندی وەزارەت ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت ، و پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت.

**دوازدەم:** دیاریكردنی سلم پایەی موچەی گشت كارمەندان بە ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەشەوە.

**سێزدەم:** سەیركردنی پلانی ساڵانەی پێشكەشكراو لە لایەن سەرۆكی زانكۆوە دەربارەی پرۆژە پەرەپێدانیەكان .

## لقی دووەم
## ئە نجومەنی زانكۆ

**ماددەی سێزدەم:**

ئەنجومەنی زانكۆ بەرزترین دەستەی زانستی و كارگێریە لە زانكۆدا، و لەمانەی خوارەوە پێكدێت:

**یەكەم:** سەرۆكی زانكۆ ئەندام .

**دووەم:** یاریدەدەرانی سەرۆكی زانكۆ ئەندام .

**سێیەم:** راگری كۆلێژەكان یان سەرۆكی بەشەكان لە حاڵەتی نەبوونی راگری كۆلێژ ئەندام .

**چوارەم:** نوێنەرێكی هەڵبژێردراوی دەستەی وانەگوتنەوە ئەندام .

**پێنجەم:** نوێنەرێكی هەڵبژێردراوی قوتابیان كە لەوەی تایبەتە بە كاروباری قوتابیان ئامادەی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن دەبێت .

**ماددەی چواردەم:**

**یەكەم:** ئەنجومەنی زانكۆ ئەم ئەركانەی خوارەوە پیادە دەكات :

١- بڕیاردرانی مەرجەكانی وەرگرتن بەپێی ستاندەرەكانی وەزارەت .

٢- پێشنیازکردنی پلانی وەرگرتنی ساڵانەی قوتابیان .

٣- بڕیاردانی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت .

٤- پێشنیازکردنی کرێی خوێندن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی ئەمینداران .

٥- کاندیدکردنی یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلێژەکان.

٦- پێشنیازکردنی دامەزراندنی سەرۆکی بەشە زانستی و یاریدەدەری راگرو لێبوردنیان .

٧- راسپاردن بە درێژکردنەوەی ماوەی خزمەتکردنی ڕاگری کۆلێژەکان .

٨- بەخشینی بڕوانامەی زانستی بە دەرچووان و پەسەندکردنی لە لایەن وەزارەتەوە .

٩- بڕیاردانی بەرزکردنەوەی زانستی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە بەپێی ڕێنماییە ڕەچاوکراوەکان .

١٠- پێشنیازکردنی کردنەوەی کۆلێژ یان بەشی زانستی و لێکدان یان هەڵوەشاندنەوەی بۆ دەستەی ئەمینداران .

١١- ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو ژمێرە کۆتاییەکان .

١٢- بڕیاردانی میلاکی کۆلێژ یان بەشە زانستیەکان .

١٣- گرێبەستکردن لەگەڵ ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە لە کەسانی عێراقی یان بیانی بەپێی ئەو ستاندەرانەی کەوا زانکۆ فەرمیەکان پەیڕەوی دەکەن (جگە لە دیاریکردنی کرێ) .

١٤- راسپاردن بە دامەزراندنی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەو کارمەندەکانی تری زانکۆو دیاریکردنی کرێ و پاداشت و رازیبون لە سەر دەستلەکارکێشانەوەیان و کۆتایی پێهێنانی خزمەتەکانیان .

١٥- بەستنی رێککەوتنامە لەگەڵ ئەو زانکۆو کۆلێژو دامەزراوە زانستیانەی گرنگی دەدەن بە توێژینەوەی زانستی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

١٦- ڕاگرتنی خوێندن بە شێوەیەکی تەواو یان بەشەکیی لە کاتی پێویست بۆ ماوەیەك کە لە یەك هەفتە تێپەڕنەکات بەمەرجێك دەماودەم ئاگاداری وەزارەت بکرێتەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆو پاساوەکان .

١٧- دانانی میکانیزمی پیادەکردنی سیستەمی دڵنیایی جۆری و تەندروستی و پێشخستنی ئەکادیمی بەردەوام .

**دووەم:** ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بە سەرۆکی زانکۆ بسپێرێت .

**ماددەی پانزدەم:**

**یەکەم:** ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ سەرۆکی زانکۆ :

١- پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یان ئەو بڕوانامەی هاوتایە بۆی و پلەی پرۆفیسۆر یان پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێت.
٢- ناسراو بێت بە کارامەیی زانستی و کارگێری.
٣- پێویستە بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبڕ حوکم نەدرا بێت.
٤- پێویستە بەتەواوی خۆی بۆ کارەکەی تەرخان کردبێت و هیچ کارێکی تر نەکات.
٥- پێویستە بواری پسپۆڕییەکەی پەیوەندی هەبێت بە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی بەش یان لقە زانستیەکانی زانکۆ یان کۆلێژ.

**دووەم:** سەرۆکی زانکۆ ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێت :

١- سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی زانکۆو داواکردنی بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی و نوێنەرایەتی کردنی زانکۆ لەبەردەم لایەنە فەرمی و نافەرمیەکان و بۆی هەیە کەسێك راسپێرێت کەوا لەبەردەم ئەم لایەنانە نوێنەرایەتی زانکۆ بکات.
٢- بەڕێوەبردنی کاروبارە زانستی و کارگێری و داراییەکانی زانکۆ بەپێی حوکمەکانی یاساو پێڕەوو رێنماییەکان .
٣- واژووکردنی ئەو گرێبەست و رێککەوتننامانەی ئەنجومەنی زانکۆ پەسەندیان دەکات .
٤- پەسەندکردنی بڕیارەکانی لێژنەکانی تایبەت بە سڕینەوەو نرخاندن و بەکرێدان .
٥- کاندیدکردنی راگرو سەرۆکی بەش و لقە زانستیەکان .
٦- ناردنی کارمەندانی زانکۆ بۆ ناوەوەو دەرەوەی هەرێم .
٧- راسپاردن بە بەدیاری بەخشینی سامانە گوازراوەکان بە زانکۆو کۆلێژو دامەزراوە زانستی و پەروەردەییەکان .

**سێیەم:** سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بە یاریدەدەرەکانی و ڕاگرو سەرۆکی بەشەکان بسپێرێت .

## لقی سێیەم
## ئەنجومەنی کۆلێژ

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم:** لە کۆلێژ ئەنجومەنێك لەمانەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:

١- راگری کۆلێژ سەرۆك .

٢- سەرۆکی بەشە زانستیەکان ئەندام .

٣- یاریدەدەری ڕاگر ئەندام .

٤- نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی دەستەی وانەگوتنەوە ئەندام .

٥- نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی قوتابیان (تەنها لە پرسەکانی قوتابیان ئامادە دەبێت)ئەندام .

**دووەم:** ئەنجومەنی کۆلێژ لە مانگێکدا دووجار کۆدەبێتەوەو سەرۆکەکەی بۆی هەیە لە کاتی پێویست داوایان بکات بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی، وە ژمارەی یاسایی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی دێتەکایەوەو بڕیارو راسپاردەو پێشنیارەکان بە زۆرینەی ژمارە ئامادەبووان وەردەگیرێن و لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێشدەخرێت کەوا سەرۆك دەنگی لەگەڵداوە .

**سێیەم:** ئەنجومەنی کۆلێژ کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لە ماوەی هەفتەیەك لە رێکەوتی بەستنی بۆ سەرۆکی زانکۆ بە مەبەستی تێڕوانینی، بەرزدەکاتەوە، و بڕیارو راسپاردەو پێشنیازەکانی ئەنجومەنی کۆلێژ لە حاڵەتی نەبوونی ناڕەزایی لەسەریان لە ماوەی دوو هەفتە لە رێکەوتی تۆمارکردنی لە تۆماری هاتووەکانی ( واردە ) نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ، ئەوا بە بڕیاردراوی هەژمار دەکرێن .

**ماددەی حەڤدەم:**

ئەنجومەنی کۆلێژ ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم:** پێشنیارکردنی پلانی وەرگرتنی ساڵانە، و مەرجەکانی وەرگرتن بەگوێرەی بەشە زانستیەکان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان لە دوای بڕیاردانیان.

**دووەم:** پێشنیارکردنی هێنانەکایەی بەشی زانستی و لێکدان یان هەڵوەشانەوەیان.

**سێیەم:** راسپاردن پلانی بەشەکان یان لقە زانستیەکان دەربارەی داواکردنی پرۆفیسۆرە میوانەکان.

**چوارەم:** پێشنیارکردنی پلانی تایبەت بە توێژینەوەی زانستی و دانان و وەرگێران و بلاّوکردنەوەو دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن.

**پێنجەم:** پێشنیارکردنی پلانی خوێندنی باڵاو پرۆگرامەکانی خوێندن.

**شەشەم:** ئامادەکردنی میلاکاتی کۆلێژ.

**حەوتەم:** سەپاندنی سزا بەرزەفتکارییەکان بەسەر قوتابیان بەپێی ڕێنماییە پەیڕەوکراوەکانی زانکۆ.

**هەشتەم:** پێشنیارکردنی پلانی پەیوەندیە رۆشنبیری و زانستیەکان لەگەڵ هاوشێوەکانی.

**نۆیەم:** راسپاردن بە بەخشینی بڕوانامەی زانستی بە دەرچووان.

**دەیەم:** بەرزکردنەوەی راسپاردن بە بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بەگوێرەی ڕێنمایی بەرزکردنەوە زانستیە متمانەپێکراوەکان.

**یازدەم:** ئەنجومەنی کۆلێژ بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی بە ڕاگر بسپێرێت.

**ماددەی هەژدەم:**

**یەکەم:** مەرجە کەوا ڕگری کۆلێژ :

١- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و بەلای کەم پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێت.

٢- ناسراو بێت بە مەندیی زانستی و کارامەیی کارگێڕی.

٣- پسپۆڕ بێت لە یەکێك لە پسپۆڕیەکانی بەش یان لقە زانستیەکانی زانکۆ یان کۆلێژ.

٤- پێویستە بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕوبڕ حوکم نەدرابێت .

**دووەم:** ڕاگری کۆلێژ ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات

١- کاندیدکردنی یاریدەدەرەکەی و سەرۆکی بەش و لقە زانستیەکانی کۆلێژ لە نێوان ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە کە لەسەر میلاکی هەمیشەیی دامەزراون.

٢- بەدواداچوونی بزاڤی خوێندن لە کۆلێژ بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی و کارکردن لەسەر مەندیکردنی بەردەوامی حاڵەتی زانستی و هزری و پەروەردەیی.

٣- پەسەندکردنی راسپاردەکانی ئەنجومەنی بەش یان لقە زانستیەکان.

٤- ڕەزامەندی دەربڕین لە سەر دابەشکردنی وانەکانی خوێندن و یەکە وەرزییەکانی بەسەر ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەو وانەبێژەکان.

٥- دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن وەك ئامێری تاقیگەیی وزانستی وپەرتوکی خوێندن وهی تر

٦- پەسەندکردنی راسپاردەکانی لیژنە پێکهاتووەکانی کۆلێژ.

٧- خەرجکردنی پاداشت .

٨- إیفاد کردنی کارمەندانی کۆلێژ بۆ ناوەوەی هەرێم و راسپاردن بە إیفاد کردنیان بۆ دەرەوەی هەرێم

**سێیەم:** ڕاگری کۆلێژ بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بە یاریدەدەرەکەی یان سەرۆکی بەش یان لقەکان بسپێرێت.

**چوارەم:** سەرۆکی بەش لەو زانکۆیانەی کە تەنها لە بەش پێکدێن، دەسەڵاتەکانی ڕاگر پیادە دەکات.

## لقی چوار
## ئەنجومەنی بەش یان لق

**ماددەی نۆزدەم:**

**یەکەم:** کۆلێژ لە چەند بەشێك یان لقێکی زانستی پێکدێت و دەکرێت یەکەی توێژینەوەی زانستی و یەکەی کارگێریش لەخۆ بگرێت.

**دووەم:**

١- بەش یان لقی زانستی بریتیە لە یەکەی زانستی بنەڕەتی لە خوێندنی زانکۆیی تایبەتدا کەوا ئەنجومەنی بەش یان لق و سەرۆکەکەی بەڕێوەی دەبەن و ژمارەیەك مامۆستا لەخۆ دەگرێت کە نابێت لە حەوت مامۆستا کەمتربن بەمەرجێك، بەلای کەم، چواریان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرابن .

٢- سەرۆکی بەش و سەرۆکی لق بە بڕیارێك لە لایەن سەرۆکی زانکۆو بە کاندیدکردنی لە لایەن ڕاگری کۆلێژەوە، دادەمەزرێت، بە مەرجێك پلەی زانستی لە (مامۆستا) کەمتر نەبێت و ئەرکەکانی لە پێڕەوی ناوخۆ دیاری دەکرێت.

**سێیەم:** ئەندامی دەستەی وانەگوتنەوە لە زانکۆ حکومیەکان، پاش تەواوکردنی ڕادەی یاسایی لە زانکۆکەیداو بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی بەش و ڕاگرایەتی کۆلێژ، بۆی هەیە بە سیفەتی وانەبێژی دەرەکی وانەبڵێتەوە .

**چوارەم:** دەکرێت خزمەتی ئەو مامۆستا حکومیانەی پسپۆڕیەکانیان دەگمەن نیە، پاش ڕەزامەندی زانکۆو وەزارەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وەك میلاك بۆ ئەم زانکۆیانە بخوازرێن، و زانکۆ تایبەتەکەش ئەو موچەو تەرخانکراوەکانی لە یاساو پێڕەوو ڕێنماییەکان دەقیان لەسەر کراوە لە ئەستۆ دەگرێت و ماوەی خزمەتیان لەم زانکۆیانەدا بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوەی زانستی، بۆیان هەژمار دەکرێت .

**پێنجەم:** ئەنجومەنی بەش یان لقی زانستی ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- راسپاردنی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەو وانەبێژ و هونەری و داوەتکردنی پرۆفیسۆری زائر بەو ئاستەی کەوا بەش پێویستی پێیانە.

٢- بڕیاردانی پرۆژەی ئەو توێژینەوە زانستیانەی کەوا لە لایەن ئەندامانی بەش یان لق پێشکەشکراون.

٣- راسپاردن بە دەستگرتنی دانان و وەرگێران و بلاْوکردنەوەو توێژینەوەی زانستی و گرینگیدان بە توێژینەوەی قوتابیان ودابینکردنی پێداویستیەکانی جێبەجێکردنیان.

٤- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی زانکۆ یان کۆلێژ کە لە لایەن ڕاگرەوە بۆی ڕەوانەکراوە .

٥- پێکهێنانی لێژنەی زانستی و پەروەردەیی بەپێی پێداویستی بەش.

٦- بەدواداچوونی پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکیەکان و ئاراستەکردنی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە بۆ نوێکردن و پێشخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

٧- سالاْنە هەڵسەنگاندنی باری زانستی بەش و کارکردن بۆ بەهێزکردنی. ترصين

٨- پێشنیارکردنی پلانێك بۆ لێهاتووکردن و پێشخستنی میلاکاتە زانستی و کارگێریەکان.

**شەشەم:** ئەنجومەنی بەش یان لق بۆی هەیە هەندێك دەسەلاْتەکانی خۆی بە سەرۆکەکەی راسپێرێت .

**لقی پێنجەم**
**دەستەی وانەگوتنەوە**

**ماددەی بیستەم:**

**یەکەم:** دەستەی وانەگوتنەوە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

١- پرۆفیسۆر.

٢- پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

٣- مامۆستا.

٤- مامۆستای یاریدەدەر.

**دووەم:** ئەوانەی لە بەندی ( یەکەم ) ئەم ماددەیە باسکراون ، بەپێی ڕێنمایی کە ئەنجومەنی زانکۆ دەریدەکات دادەمەزرێن و پلەی زانستیان بەرزدەکرێنەوەو وترفیع دەکرێن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

١- هاتنەدی مەرجەکانی ئەندامی دەستەی وانەگوتنەوە لە زانکۆ حکومیەکان لەو کەسەی لەم پۆستانە دادەمەزرێت.

٢- متمانەپێکردنی ڕێساکانی بەرزکردنەوەی زانستی کارپێکراو لە لایەن زانکۆ حکومیەکانەوە.

٣- متمانەپێکردنی پەیکەری کاری ئەندامی دەستەی وانەگوتنەوە کە لە یاسای خزمەتی زانکۆیی بەرکار لە هەرێمدا دەقی لەسەر کراوە .

**ماددەی بیست و یەکەم:**

مامۆستاو کارمەندانی زانکۆ تایبەتیەکان حوکمەکانی یاسای خانەنشین و بیمەی کۆمەڵایەتی بەرکار لە هەرێمدا بەسەریان پیادە دەکرێت.

## بەشی پێنجەم
## کاروبارە داراییەکان

**ماددەی بیست و دووەم:**

**یەکەم:** دارایی زانکۆ یان کۆلێژ پێکدێت لە:

١- بەشداریکردنی لایەنی دامەزرێنەری.

٢- کرێی خوێندن.

٣- بەخشش و بەخشین و باربوو وەسیەت پێکراوو وەقفکراوەکان.

٤- داهاتی چالاکیە توێژینەوەیی و راوێژکاریی و ڕاهێنانەکیی و هی تر.

**دووەم:** زانکۆ بۆی هەیە سامانە گوێزەرو ناگوێزەرەکانی بەوەی لەگەڵ ئامانجە زانستی و پەروەردەییەکانی دەگونجێت، وەبەربهێنێت.

**سێیەم:** زانکۆ تایبەتەکان ڕێژەیەك تەرخان دەکەن کە نابێت لە ٢٠٪ پوختی قازانجەکیان کەمتر بێت بەمەبەستی دابینکردنی خەرجیەکانی فراوانکردن و پێشخستنی چالاکی زانکۆ، وەك توێژینەوەی زانستی و بلاوکردنەوە، و ڕاهێنان، و کۆنگرەی زانستی، و ناردنەدەرەوە بۆ مەبەستی زانستی إیفاد یان هەر بوارێکی تر.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

**یەکەم:** ئەو لێبوردنە باجکارانەی لە یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر کراوە بەسەر زانکۆ تایبەتەکان پیادە دەکرێت.

**دووەم:** ئەو رێژە ٢٠٪ ی کەوا لە برگە ( سێیەم )ی ماددە (٢٢)ی ئەم یاسایە دەقی لە سەر کراوە کە بۆ پێشخستنی زانکۆ تەرخان کراوە، لە باج دەبوردرێت .

**ماددەی بیست و چوارەم:**

ژمێرەکانی زانکۆ ، بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان، ملکەچیووردبینیی دارایی دەبێت .

## بەشی شەشەم
## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

ئەو بڕوانامانەی زانکۆ دەیبەخشێت بە یەکسان هەژمار دەکرێن لەگەڵ ئەو بڕوانامانەی زانکۆو کۆلێژە حکومیە هاوشێوەکانی دەیانبەخشن بە مەرجێك وەزارەت پەسەندی بکات .

**ماددەی بیست وشەشەم:**

**یەکەم:** لە حاڵەتی پەككەوتنی لایەنی دامەزرێنەر لە دابینکردنی پێداویستیە پێویستە دیاریکراوەکان لەم یاسایەدا، ئەوا ئەنجومەنی وەزارەت، لە دوای پێبەخشینی ماوەیەك کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت، مافی هەیە زانکۆ لە لایەنی دامەزرێنەر جیابکاتەوەو ئەنجومەنی زانکۆ یان ئەنجومەنی کۆلێژ بە سەرپەرشتی وەزارەت، تا دۆزینەوەی جێگرەوەیەك بۆ ئەم لایەنە، کە بە رێنمایی دیاری دەکرێت، بەرێوەبردنی کاروبارەکانی لە ئەستۆ دەگرن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە راسپاردە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرزبکاتەوە بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی زانکۆ یان یەکێك لە بەشەکانی لە دوای ئاگادارکردنەوەی لە کاتی سەلماندنی سەرپێچیکردنی بۆ مەرجە پێویستەکان، وە لە حاڵەتی رەزامەندی دەربڕین لە سەر هەڵوەشاندنەوە ئەوا وەزارەت بەپێی پێرەوی ناوەخۆی تاوەکو دەرچوونی دوایین پۆلە قوتابیەکانی، بەرێوەبردنی لە ئەستۆ دەگرێت، وە پێویستە لە سەر وەزارەت قوتابیەکانی بۆ زانکۆ تایبەتە هاوشێوەکانی بگوازێتەوەو سامانە گوێزەرو ناگوێزەرەکانی لە دوای بەجێگەیاندنی پابەندیەکان و قەرزەکانی بەگوێرەی یاسا ڕەچاوکراوەکان، پاکۆ دەکرێت.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

وەزارەت تایبەتمەند دەبێت بە تێڕوانینی ئەو سکالاّیانەی لە سەر زانکۆ تایبەتەکان بەرزدەکرێنەوە لە گشت ئەو شتانەی پەیوەستن بە وەرگرتن و تاقیکردنەوە یان ئەو سزا بەرزەفتانەی بەسەر قوتابیان دەسەپێنرێن یان تەرقین قەید کردنیان یان ناڕەزایی دەربڕین دەربارەی بەخشینی نازناو و بڕوانامە زانستیەکان .

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

تەنها وەزارەت تایبەتمەند دەبێت بە بەخشینی مۆڵەتی کردنەوەی هەر زانکۆ یان لق یان نووسینگەیەکیان لە هەرێمداو بەپێچەوانەی ئەمەش وەزارەت رێکاری یاسایی دەربارەیان دەگرێتەبەر.

**ماددەی بیست و نۆیەم :**

**یەکەم:** زانکۆ تایبەتی و حکومیەکان بۆیان هەیە لە بواری ئەنجامدانی تاقیکردنەوە زانستی و پراکتیزەکردنیان و ڕاهێنانی قوتابیان و گۆڕینەوەی شارەزاییەکان، لە نێوایاندا هاریکاری یەکتری بکەن .

**دووەم:** زانکۆ تایبەتەکان بۆیان هەیە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی و پراکتیزەکانی و ڕاهێنانی قوتابیان پشت ببەستێت بە لایەنە تایبەتمەندەکانی فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەت لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت .

**ماددەی سییەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پێڕەوی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات .

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی سی و یەکەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سی و دووەم:**

پێویستە لە سەر زانکۆ تایبەتیە ئێستاکانی هەرێم بارودۆخەکانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێش ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) بگونجێنن .

**ماددەی سی و سێیەم:**

دەربارەی هەر حاڵەتێك كەوا لەم یاسایەدا دەقی لە سەر نەهاتبێت ئەوا یاساو پێڕەوو رێنماییە كارپێكراوەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بەجۆرێك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك نەبن، پیادە دەكرێن .

**ماددەی سی و چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رێكەوتی بلاَوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) دا جێبەجێ دەكرێت

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

٢٧/ئادار /٢٠١٣ ی میلادی

٧/ نەورۆز/ ٢٧١٢ ی كوردی

١٥/ جمادی الاول /١٤٣٤ ی هجری

**هۆیە پێویستكارەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لەپێناو بەرزكردنەوەی توانا زانستیەكان و گەشەپێدانی مرۆیی و بەدەستهێنانی پسپۆری لەبوارە جیاجیاكاندا لەرێگای پەرەپێدانی خزمەتی زانكۆیی لەكەرتی تایبەتدا ورەخساندنی دەرفەتی پێشبڕكێ لەنێوان ناوەندە حكومییەكان و تایبەتییە ئەكادیمییەكان و هاندانی گواستنەوەی تەكنەلۆجیا و شارەزایی نوێی جیهانی بۆ هەرێمی كوردستان و رێكخستنی یاساییانەی كاروباری زانكۆ تایبەتیەكان ئەم یاسایە دەرچووێندرا .